# ئایا هیچ شتێکی ترە جگە لە بەشێک لە خۆی

لە تەڵقی کوڕی عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هاتین بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، پیاوێک هات کە بە پیاوێکی بەدەوی* دەچوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چی دەڵێیت سەبارەت بە کەسێک دەست لە ئەندامی نێرینەی بدات پاش دەستنوێژگرتن؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا هیچ شتێکی ترە جگە لە بەشێک لە خۆی»، یان فەرمووی: «بەشێکە لە خۆی». *(بەدەوی: واتا عەرەبێک لە دەشتدا بژێت لە دەرەوەی شار وگوند)

[صەحیحە] [تورموزی گێراویەتیەوە - نەسائی گێراویەتیەوە - ئیبنوداود گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: (چی دەڵێیت سەبارەت بە کەسێک دەست لە ئەندامی نێرینەی بدات پاش دەستنوێژگرتن؟): واتا شەریعەت چی واجب کردووە ئەگەر کەسێک دەست لە عەورەتی بدات پاش دەستنوێژگرتن (بە ڕاستەوخۆ دەست لە پێستی عەورەت بدات بێ ئەوەی هیچ پارچە قوماشێک لە نێوان هەبێت)، ئایا ئەم کەسە هیچ شتێکی لەسەر هەیە؟ وله ریوایەتی (أحمد)دا هاتووە: (الرَّجُل يَمَسُّ ذَكَرَه في الصلاة عليه الوضوء؟ قال: لا إنما هو مِنْك) واتە: (ئەگەر پیاوێک دەست لە عەورەتی بدات لە کاتی نوێژدا، ئایا دەبێت دەستنوێژ بگرێتەوە؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: نەخێر، ئەوە بەشێکە لە خۆت). وپاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی:(«ئایا هیچ شتێکی ترە جگە لە بەشێک لە خۆی»، یان فەرمووی: «بەشێکە لە خۆی»): واتا عەورەت (دامێن -ئەندامی نێرینە ومێینە-) وەکو ئەندامەکانی تری لاشەیە، ئەگەر کەسێک دەستنوێژی هەبێت دەست لە پێی یان لووتی بدات ئەوا دەستنوێژی ناشکێنێت بەهەمان شێوە ئەگەر دەست لە عەورەتی بدات دەستنوێژی ناشێکت، وئەم فەرموودەیە یان ئەوەتا حوکمی لاچووە وهەڵوەشێندراوەتەوە (نەسخ بووەتەوە) یان ئەوەتا بە مانای دەستلێدان لە عەورەت دێت لە پشت قوماشەوە (لە پشت ئەو جلەی لەبەرکراوە) ئەگەر بە شەهوەتەوە نەبێت، بەڵام ڕاستەوخۆ دەستلێدان لە پێستی عەورەت (ئەندامی نێرینە یان مێینە) دەستنوێژ دەشکێنێت، هەروەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە, وزانایان فەرموویانە: سەبارەت بە نێرینە دەستدان لە ڕانەکان وگونەکان وئەوەی لە دەوروپشتی ئەندامی نێرینەیە دەستنوێژ ناشکێنێت ئەگەر بە شەهوەتەوە نەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8396